# نوسینی ڕاپۆرت و یاداشتنامە

# نوسینی راپۆرتو یاداشتنامە

## یاداشتنامەو پەیوەندیکردنی فەرمی

### پێناسەکان

**نامەناردنەکان**

مەبەست لێی نمایشکردنی هەقیقەت و داتای تایبەتە بەکار، بە یەکێك لە ئامرازەکانی کارگێڕی دادەنرێت بۆ گواستنەوەی زانیاری لە نێوان سەرجەم ئاستەکان لە بواری کارگێڕیدا.

**یاداشت**

بەڵگەنامەیەکە زانیاری لە خۆدەگرێت، لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو نوسراوە، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی نوسینی وەزیفی، شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی نوسراو.

یاداشتەکان بەشێوەیەك کورت و خێرا زانیارییەکان دەگوازنەوە، ئەمەش زمانێکی پەیوەندییکردنی خێرایە.

- لە نێوان فەرمانبەر و فەرانبەرێکی تر.
- لە نێوان فەرمانبەر و بەڕێوەبەر.
- لە نێوان فەرمانبەر و سەرۆکە بەرزەکەی.

**سودی یاداشتەکان چین؟**

- گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان.
- دۆکیۆمێنتکردن و تۆمارکردن.
- هاوکاری کارگێڕی لە جێبەجێکردنی ئەرکە جۆراوجۆرەکان.
- بڕیاردان.

## قۆناغەکانی نوسینی یاداشت

### 1. قۆناغی ئامادەکردن

لەم قۆناغەدا ئەوانەی خوارەوە دیاری دەکرێن:

- چوارچێوەی گشتی یاداشت (بابەت یاخود ئەو بوارانەی کە یاداشت باسی لێوە دەکات).
- زانینی ئامانج لە یاداشت.
- کی داوای یاداشتی کردووە؟ کێ پێویستی پێی هەیە؟
- زانیارییەکانی یاداشت.

### 2. قۆناغی ڕێکخستن و دروستکردنی ستراکچەر.

**ئەمەش لە سێ ڕەگەز پێکدێت**

#### أ. پێشەکی

بریتییە لە بابەت، ئامانج و سنوری بابەتەکە، لەگەڵ ئەو لایەنەی کە بۆی دەنێردرێت، دەبێت بەروارەکەش بنوسرێت.

#### ب. خستنەڕوو (ناوەڕۆکی یاداشت)

تیایدا زانیاری و هەقیقەت، یاخود ڕووداوەکان دەخرێنەڕوو، دەبێت شوێن و کاتی تێدا باس بکریت، ئەگەر جۆری یاداشتەکە پێویستی بەمە هەبێت.

#### ت. کۆتایی

هزرەکانی یاداشتەکە پوختدەکاتەوە، یاخود بە چڕی بۆچونی نوسەرەکەی دەردەخات، ڕاسپاردە، یاخود پێشنیازەکانی لەبارەی بابەتەکانی یاداشت لە خۆدەگرێت.

### 3. قۆناغی نوسین

لەکاتی نوسینی یاداشتدا دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

- تەرکیزکردن: واتە نابێت لە ئامانجەکانی یاداشتەکە دەربچیت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی دووبارە نەبوونەوە.
- بەیەکەوە بەستان: بەستەرێك هەبێت لە نێوان بەشە جیاوازەکان.
- دەبێت رێك و پێك و گونجاو بێت.
- دەبێت بە زانیاری جێگیر و راستەقینە پاڵپشتیکراو بێت.

### 4. قۆناغی پێداچوونەوە

دەبێت دڵنیایی بکرێتەوە لە شێوازێکی گونجاو بۆ نوسین و پراکتیزەکردنی ڕێساکانی نوسین (پێشەکی، خستنەڕوو و کۆتایی)، هەروەها ڕوونی ڕێسا گشتییەکانی نوسین، لۆژیکی بوون و ڕێکخستنی یاداشت، ڕەچاوکردنی ڕێساکانی زمان و ڕێنوس.

### 5. قۆناغی چاپکردن و دەرچوونی یاداشت.

### تێبینییەکی گرنگ

- پێویستە دوای چاپکردن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.
- دەبێت یاداشتەکە بخەیتە بەردەست بەرپرسی ڕاستەوخۆ، بە مەبەستی ووردبینی پێش بەرزکردنەوەی بۆ ئەو لایەنەی کە بۆی دەنێردێت.

### مەرجەکانی یاداشت:

1. ڕاستگۆیی
2. گشتگیری
3. کورتبڕی.
4. ڕوونی

5. دوورکەوتنەوە لە سۆز و خەیاڵ.

### چەند ڕێنماییەك بۆ نوسینی نامە فەرمییەکان:

- دەبێت دەقی یاداشتەکە تەواو و ورد و ڕاستگۆ بێت.
- دەبێت دەق کورتبڕ و سادە بێت بەپێی توانا.
- دەبێت دەق بابەتی بێت و بە گوێرەی بۆچون و ئارەزوو و بڕیارە کەسییەکان نەنوسرابێت.
- دەبیت سەرەتا و ناوەند و کۆتاییەکی هەبێت.
- دەبێت ریزبەندی و بەدوایەکداهاتنێکی لۆژیکی و دابەشکردن و ژمارەدانان بۆ بەشەکانی هەبێت.
- دەبێت دەق بە زمانێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ و فەرمی، بنوسرێت.
- دەبێت لەکاتی خۆیدا دەقەکە پێشکەش بکرێت.
- پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوەی داتایی ئەگەر ئەمە مومکین بێت.
- دەبێت بیرۆکەکان گوزاشت بن لە پێدراوەکانی ڕاپۆرتەکە.
- بەتاڵ بێت لە هەڵە.
- بەکارهێنانی خاڵ و فاریزە بەگوێرەی داواکاری دەقەکە.

### نمونەیەکی پراکتیکی لەسەر نوسینی یاداشتی ناوەکی

دەبێت لە نوسینی یاداشتی ناوەکیدا ئەوانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

- دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە یاداشتەکەی لێی دەرچووە، بەڕێوەبەر/بەش.
- دیاریکردنی بەروار.
- دیاریکردنی ئەو لایەنەی کە یاداشتەکەی بۆ دەچێت (بۆ/ )
- دیاریکردنی بابەت (ب/ ).
- دیباجە، یاخود پێشەکی.

- ناوەڕۆك/ خستنەڕووی بابەت.

- کۆتایی: پوختەی بابەت: ڕێوشوێنە داواکراوەکان، یاخود پێشنیازکراوەکان.

***نمونەیەك لەبارەی فۆرمی یادژاشتی ناوەکی***

***یاداشتی ناوەکی***

***ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەی کە یاداشتەکەی لێ دەردەچێت........***

***ناوی بەڕێوەبەرایەتی، یاخود بەش.....***

***بەروار***

***بۆ/.........***

***ب/.......***

***ناو و واژووی یاداشتنوس***

***نوسینی راپۆرت***

***چۆن دەست بە نوسین دەکرێت.***

- دیاریکردنی ئامانج لە راپۆرت.
- دیاریکردنی وەرگری راپۆرت.
- دیاریکردنی زانیاری و شێوازی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج.
- دەستبکە بە نوسینی هەندێك بیرۆکە لەبارەی بابەت، پێداچونەوەی بۆ بکە.
- پوختەکردنی هزرە سەرەکییەکان.
- هەوڵبدە ئەو بیرۆکانە بەشێوەیەکی بەدوایەکداهاتوو بنوسیت.

### لە ناوەڕۆکدا ئەوانە ڕەچاو دەکرێن:

- دەبێت چڕبێت: واتە لە ئامانجەکانی ڕاپۆڕتەکە دەرنەچێت.
- بەیەکەوە بەستراو بێت: واتە بەستەرێك هەبێت لە نێو بەشە جیاوازەکانی.
- دەبێت ڕێك و پێك و گونجاو بێت.
- دەبێت بە زانیاری ڕاست و ڕاستەقینە پاڵپشتیکراو بێت.

### هەنگاوەکانی نوسینی ناوەڕۆکەکە:

1. ستراکچەری بونیادی ڕاپۆڕتەکە دابنێ و بە باشی پێداچونەوەی بۆ بکە.
2. شوێنێکی گونجاو هەڵبژێرە، تاوەکو لە کاتی نوسیندا دووچاری پچڕان نەبیت.
3. ئەو بەڵگەنامە و زانیارییانە ڕێکبخە کە لەم بابەتەدا پێویستت پێی دەبێت.
4. دەست بکە بە نوسینی ڕەشنوسی یەکەم.
5. پێداچونەوە بۆ ئەوە بکە کە نوسیوتە: ووردی زانیارییەکان، زمان، بەیەکەوە گونجان و بەیەکەوەبەستانەوە.
6. دووبارە بینوسەوە، دوای ڕاستکردنەوە.
7. نامەکە بە ووردبینی زمانەوانی نیشانبدە، دواتر بیدە بە یەکێك لە هاوکارەکانت.

### پێکهاتەی ڕاپۆڕت

دانانی پێکهاتەی ڕاپۆڕت: مەبەست لێی وەسفکردنێکی گشتی و لۆژیکی ناوەڕۆکەکەیە، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بابەتەکە پوختدەکاتەوە، هەروەها بریتییە لەو دیزایینەی کە تیایدا بابەتەکە دەنوسرێت، مەبەست لێی یارمەتیدانی ئامادەکاری ڕاپۆڕتەکەیە لە ڕاپۆڕت نوسین، ڕێکخستنی بیرۆکەکانییەتی بە شێوەیەکی لۆژیکی، دەرخستنی پەیوەندییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانە، دانانی سنوری توێژینەوەی بابەت، ئەمە لە پاڵ یارمەتیدانی وەرگر لە تێگەیشتن و قبوڵکردنی ئەو شتەی کە بۆی نمایش دەکرێت.

### نوسینی دەق

### تایبەتمەندییەکانی دەقی باش

- بەیەکەوە گونجان: بەیەکەوە بەستانەوەی بەشەکان و ریزبەندی زانیارییەکان، هەروەها دەبێت ماناکان بەرەو ئامانجەکە بچن.
- کورتبڕی: دووبارەنەبوونەوە، بەکارهێنانی کەمترین ووشە، بەکارنەهێنانی هەقیقەتە ئاشناکان بەبێ ئامانج و درێژەدادڕی و ووردەکاری.
- تەریبی: ڕەگەزە تەریبەکان هەمان پێکهاتەی زمانەوانییان هەیە.
- دەرەنجامی لۆژیکی: دەبێت ئەو دەرەنجامانە لەسەر پێشەکی دروستکرابن، بەبێ زیادەڕۆیی، یاخود بازدان بۆ ئەنجامەکان.

### ڕێگاکانی بەستانەوە وگواستنەوە

- زیادە خستنەسەر: هەروەها، جارێکی تر، دوای ئەمە، لەپاڵ ئەمە، ئەمە هەمان گرنگی هەیە، لە کۆتاییدا، دوای ئەمە دێت.
- بەراودکاری: کەچی، بەلآم، لەلایەکی ترەوە، بەئاوارتەکردن، بەبەراود، بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەگەڵ ئەوەی، سەرەڕای ئەمە.
- هۆکارگەرایی: بە پشتبەستن بەمە، بەشێوەیەك کە، بەراستی، لە واقیعدا.
- دڵنیابوونەوە: سروشتییە کە، بەدڵنیاییەوە، هەرگیز، بێ هیچ گومانێك.
- بەدوایەکداهاتن: یەکەم–دووەم، لێرەوە، دوای ئەمە.

### هەنگاوەکانی نوسینی پوختەیەکی چالاك

بۆ نوسینی پوختەیەکی چالاك، دەکرێت ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بگرینەبەر:

1. بەباشی پێداچونەوە بۆ ناوەڕۆکە بکە، بە ئامانجی نوسینی پوختەکە.
2. ڕەشنوسێکی سەرەتایی بنوسە، بێ گەڕانەوە بۆ مادەی نوسراو.

3. پێداچونەوە بۆ رەشنوسەکە بکە و رەچاوی گونجاوی و بەیەکەوە بەستانی تەواو و دەستەبەرکردنی ئامانج بکە، دڵنیابە لەوەی کە هەستدانەوەی داواکراو دروستدەکات.

4. دوا وێنە کۆپی بکە و لەڕووی زمانەوانییەوە پێداچونەوەی بۆ بکە.

### پێداچووەوە و وردبینی:

(بە باشتر دەزانرێت، کەسێك ئەنجامی بدە کە نوسەرە سەرەکییەکە نەبێت).

### رەگەزەکانی پرۆسەی وردبینی

- پێداچوونەوەی رستەکان: هەموو رستەیەك لە بکەر و فەرمان، یاخود نیهاد و گوزارە دروستدەبێت، پێویستە تێکەڵاوی نەکرێت لە نێوان زیاتر لە رستەیەکدا.
- خاڵبەندی: هەموو رستەیەك بە خاڵ، یاخود نیشانەی پرسیار، یاخود سەرسوڕمان کۆتایی دێت. هەموو بیرۆکەیەکی بەشی، بە فاریزە کۆتایی دێت، هەموو رەگەزەکانی زنجیرەیەك بە فاریزە کۆتاییان پێدێت، بەڵام دوای کورتکراوەکان خاڵ دێت.
- رێککەوتنی بکەر لەگەڵ فەرمان: تاك و کۆ.
- کاتەکان: دەبێت گونجانێك هەبێت لە بەکارهێنانی کاتەکان، ئینجا چ لە یەك رستە، یاخود لە تەواوی دەقەکەدا بێت.
- پارچەکان: هەموو پارچەیەك بیرۆکەیەکی سەرەکی لە خۆدەگرێت، ئامرازە بەستەرەوە گونجاوەکانی بۆ بەکاردەهێنرێت.